ئەندامانی دادگای فیدراڵی داواکاری خانەنشینی خۆیان دەکشێننەوە

ئەمڕۆ سەشەممە ، ئەندامانی دادگای فیدراڵی ڕایانگەیاند، دوای ئەوەی هەکاری ڕەوانەکردنیان چیتر کارپێنەکراوە، داوای خانەنشینییان کشاندووەتەوە.

ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی موتەبەع کەوتووە، تێیدا هاتووە "ئەنجوومەنی باڵای دادوەری میوانداری کەبوونەوەیەکی هاوبەشی کرد بە سەرکایەتی سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زیدان و دادوەرانی دادگای فیدراڵی ، سەرکی داواکاری گشتی، سەرکی دەستەی چاودێری دادوەری و دادگای باڵای فیدراڵی لەخۆگرتبوو".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "ئەوانەی ئامادەبوون دەستخۆشییان لە سەرکی دادوەری نوێ، دادوەر مونزر ئیبراهیم کردووە، بەبەنەی دەستبەکاربوونی بە ئەو پۆستە و سوپاسی ئەندامانی دادگاشیان کردووە بە کشانەوەی داواکارییەکەیان بە ڕەوانەکردنیان بە خانەنشینی دوای ئەوەی هەکارەکانی ڕەوانەکردنیان چیتر کارپێنەکراوە".

ڕوونیشیکردەوە، "کەبوونەوەکە بریتی بوو لە گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزمەکانی کاری دادوەری دروست، پابەندبوون بە دەسەڵاتی دادوەری، بەپێی بەگەکانی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، هەروەها گرنگی پاراستنی سەربەخۆیی و بەڵایەنی دەسەڵاتی دادوەری و دووركەوتنەوە لە هەر ڕەفتارێک یان پراکتیزەیەک کە ئەم کارە تێکبدات".